سەرکایەتی سووریا: ئەسما ئەسەد تووشی شەرپەنجەی خوێن بووە



لە ڕاگەیەندراوێکی سەرکایەتی کۆماری سووریادا هاتووە، ئەسما ئەسەد هاوسەری بەشار ئەسەد تووشی نەخۆشی شەرپەنج بووە.

ئەمڕۆ سەشەممە، سەرکایەتی سووریا، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، ئەسما ئەسەد، هاوسەری بەشار ئەسەدی سەرکی سوریا، تووشی نەخۆشی شەرپەنجەی خوێن بووە.

ئەسما ئەسەد پێنج ساڵ لەمەوبەر تووشی شەرپەنجەی مەمک بوو، بەڵام بتوانرا لەو نەخۆشیە چاک بووەوە، کە لە مانگی ئابی 2019، لە هەڤپەیڤینیکی کەناڵێکی سووریا ڕایگەیاند، دوای دەستنیشانکردن و تووشبونی بە شەرپەنجەی مەمک، لە نەخۆشیەکەی چاک بووتەوە. گوتیشی: سوپاس بۆ خوا بتوانرا سەرکەوتم بەسەر شەرپەنجەدا.

لە ساڵی 2018 سەرکایەتی سووریا ڕایگەیاند، ئەسما ئەسەد، چارەسەری نەخۆشی شەرپەنجە وەردەگرێت کە دوای پشکنینەکان دەرکەوتووە تووشی شەرپەنجەی مەمک بووە.

ئەسما فەواز ئەخرەس، لە ساڵی 1975 لە لەندەن لەدایک بووە، لە ساڵی 2000 هاوسەرگیری لەگەڵ بەشار ئەسەدی سەرکی کۆماری سووریا کردووە.